


تا باڵای مردن بەفر باریوە

لەوسەری کۆڵانەوە،

شتێکم بە دەنگی بەرز درکاند

شتێك وەك ئەوەی لە دڵەوە

گوتبێتم :

خۆشمدەوێی !

بە حاڵ لەودیوی پەنجەرەوە

دەتبینم،

ئای خوایە گیان ... مارگرێتا

ئەوە تۆیت؟

من ئیدی لە شەرم و خۆشیدا

لەپاڵ نوێژێکی دایکما نووستم

کەسێك بە پەنجەی شایەتومانی

شتێکی لەسەر هەڵمی شووشەکە نووسی :

" ئەوە تۆیت ناشیرین؟"

بەرەو سەرێ ڕووانیم،

کانییەك ڕیشۆڵە

لەو شینایییەوە هەڵقوڵیی

وەئاگابوومەوە،

ئای خوایە گیان

تۆم لەوێ ... لەودیو پەنجەرەکەوە نەدیت !

لەمسەری کۆڵانەوە،

ئەسپەکانی ئەبوتاڵیب

لەکوڕژندا سپیی دەچوونەوە

مارگرێتا،

من نیگەرانی پیاوێکم

کە دەشێ ئێوارەیەك،

لە بن دارهەنجیرەکەی بەردەم ماڵی ئێوەدا

خۆی بکوژێ

دەدەی ... تا سێ دەژمێرم و

لەوبەری مێژووەوە بانگمکە

تا سەد ... تا هەزار دەژمێرم و

لە نێو قامکە ساردەکانی بەفردا هەڵمگرەوە

مارگرێتا،

من چیمداوە

لەم گوناهە دیسپلینکراوانە

بە مەرگ

لەم کاتژمێرە میقاتکراوانە بە خوێن

مارگرێتا،

من چیمداوە لە پیاسەی ژێر خۆر

له ئەوق بوونی نێوان عەردو ئاسمان
مارگرێتا
دەدەی
دوای ئەم هەمووو وەرزە قاقڕانە
تۆ ببەرە باران و هەڵمگرەوە
دوای ئەم هەموو کوژرانانە
تۆ ببەرە مناڵیی و
پەنامدە!
مارگرێتا
ئەم ئێوارەیە دەشێ
ڕیشۆڵەیەك بە کوژراویی
له بن دارهەنجیرەکەی بەردەم ماڵی ئێوەدا
ڕەق هەڵبی!
مارگرێتا
من مردبووم،
مردبووشم ... کەچیی هێشتا
بۆنی هاوینم لێدەهات
مردبووشم .. کەچیی هێشتا
شەرمم دەکرد دەنکە بەرسیلەیەك
لە ئەنترۆپۆلۆژیا بخوازم
مناڵانی گەڕەك
لەماڵی گەرمی حەکایەتەکان
هاتنە دەرێ
ئاسمانی کۆلاّن
تژیی بوو لە کۆلارەی سپیی
دایکم لە نوێژەکەی بۆوە

**نینۆکی پەنجە تووتەم کرۆژت**

**ئای خوایە گیان**

**مارگرێتا ... تۆم لەوێ**

**لەودیو پەنجەرەکەوە نەدیت**

**لەوسەری کۆڵانەوە**

**گوێم هەڵخست**

**بانگت کردم و پێکەنیت**

**ئای خوایە گیان .... ئەوە تۆیت؟**

**بە خۆدا شکامەوە**

**چاوانم هەڵگلۆفت**

**ئاخر من سەدەیەك بوو**

**لەژێر پروشەی چاوەڕوانیی تۆدا**

**نینۆکی پەنجە تووتەم**

**دەکرۆژت !**

**سلێمانی**

**سەرەتای** 1997

## پەراوێزی شیعریی :

**بە گوێرەی بەڵگەنامەیەکی سانسکریتیی، گرگاشە شوێنێکە دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی مەنفاوە، ئەوێ جێگەیەکە پڕ لە مناڵ و ئاوو کۆلارەی سپیی، بەڵام بەپێی دەسنووسێکی ئاییینی، گرگاشە شوێن نییە ... بەڵکو ناوی یەکێکە لە ئەسپەکانی ئەبو تاڵیب.**